# بانگەوازی دەستەی ئامادەکاری خۆپیشاندانی 21-8 لە هۆڵەندە

## با بە یەکگرتوییمان لە رۆژی 21-8 دا ، ئە نفالکراوە کانمان و سەرجەم قوربانیان خۆشحاڵ و تاونباران و بەعسییەکان ڕسواتر بکەین !

21-8-2006 یەکەم ڕۆژی دادگایی تاونبارانی سە رانی بەعسە , سەرانی ڕژێمێک کە لە کورد کوژی و کۆمەڵکوژیدا ڕوی هەموو ئینسان کوژانی پێش خۆیان سپیکردبوە وە ، ئەم ڕۆژە گرنگی تایبتی خۆی هەیە لەبەرانبەر تاوانبارانی بەعس و ئەو دەستە و ڕژێمانەی کە دەیانەوێت بە ڕچەی بەعسدا برۆن ، ئەمە رۆژی دەربرینی هەستمانە لە ئاست ئەو برینە گەورەیەی کەوتە جەستەی گەلەکەمانەوە , هاوکات ڕۆژی هاو دەنگیمانە لە گەڵ سە رجە م قوربانیانی گەلەکەمان کە دەستی دڕندانەی بەعسیان پێ گەیشتووە , بۆ گەیشتن بە داخوازیە کانیان و قەربووکردنەوەی زیانە مادی و مەعنەوییە کانیان ، هەروەک ناچارکردنی دەولەتی عێراقە بە چوونە ژێر باری قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان و بە فە رمی داوای لێبوردن کردن لە خەڵکی کوردستان . با ئەم رۆژە بکە ینە کەمپەینێکی فراوان و کارا لە ناوەندە کانی ڕاگەیاندنی جیهانی لە پیناو زیاتر ئاشناکردن و ناساندی دۆزی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی خەلکی کوردستان بە بیرو رای دەرەوە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەیان ! .

سەرجەم هاوڵاتیانی کوردو دۆست و کەسوکاری قوربانییەکان لە هۆلەند، مرۆڤە ئازادی خوازەکان ، کۆمەڵ و لایە ن و ڕێکخراوە کوردییەکان، ژنان،...، بانگەوازتان دەکەین بۆ ریکخستنی خۆپیشانادانیک شایستە بیت بەو کارەساتە , چۆن کەمپەینی دوو ساڵەی تاوانباری هۆلەندی فرانس ڤان ئانراتمان پیکە وە بەسەرکەوتن گەیاند و شادیی و خۆشی و شادیمان خستە ناو دڵی قوربانییەکان وکەس و کاریانەوە ، دەتوانین 21-8-2006 ڕۆژی داگایی سەدام و دارو دەستەکەشی بکەینە دەرسێک بۆ بەعس و هاوکارانی و ئەو تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسایە لە نۆکەرو تاوانبارو ئەو کارگانەش کە یارمەتی ئەم ڕژێمەیان داوە .

ئەم ڕۆژە مێژوییانە دووبارە نابنەوە ، با گیانی قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژییەکان شاد بکەین و خوازیاری سزای داد پەروەرانە بین بۆ سە رجە م تاوانباران .

لەو رۆژەدا ئەم داواکارییە رە وایانەمان هە یە:

- دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژێنۆساید بە فەرمی بناسێت.
- دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.

- قه ره بووی کەس و کاری قوربانیانی ئه نفال و ئاوه دانکردنەوەی ناوچەکانیان , هه روەها قەرەبووی سەرجەم زیان لیکەوتووانی کورد بکریتەوه که به د ه ستی بەعس زه ره ر مه ند بوون له هەموو پارچەکانی کوردستان .

## بەشداریتان وەفادارییه بۆ گیانی پاکی 182000 قوربانی ئەنفالی بیَ گوناهو سەرجەم قوربانیانی کوردستان

**شوێن و کاتی خۆ پیشاندان:**

2006 -8-21
**کاتژمێر 13:00 دوا نیوەڕۆ**
**بەردەم سەفارەتی عێراقی له شاری دینهاخ**

## Johan de Wittlaan 16

## 2517 JR   Den Haag

**بزوتنه وه ی ریفراندۆمی کوردستان - هۆڵەندە**
**یەکیتی نیشتمانی کوردستان- کۆمیتەی بەنەلۆکس**
**پارتی دیموکراتی کوردستان-لیژنەی هۆڵەندە**
**حیزبی شیوعی کوردستان**
**حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان- هۆڵەندە**
**ناوەندی گه شه پیدانی کەرکووک**
**ناوه ندی کوردی زۆته رمیر**
**یەکیتی ژنانی کوردستان- هۆڵەند**
**یەکیتی قوتابیانی کوردستان-هۆڵەند**
**یانەی کوردی میدیا- ئه مستردام**

**ئه نجومه نی گه‌نجان له هۆڵه‌نده**

**سه‌نته‌ری ژنانی تیلبۆرگ**

**کۆمه‌ڵه‌ی کولتوری ( نه‌ورۆز)_لایدن**

**سه‌نته‌ری ئه‌نفال بۆ تویژینه‌وه**

**ناوه‌ندی چاک**

**ده‌رگا کراوه‌یه بۆ هه‌موو پارت و ریکخراویک به سوپاس و ریزه‌وه به‌شدار بیت وه‌ک لایه‌ن له ئاماده‌کردن و نوینه‌رایه‌تی خۆپیشاندانه‌که .**

**بۆ په‌یوه‌ندیکردن :**

Alimahmud2001@yahoo.com

0638617622

**nishtman_3@hotmail.com/**

**0641639958**

s.mahmood@wanadoo.nl

0617360567